دەزگای ئاسایشی هەرێم دەستگیرکردنی چەند تیرۆریستێک ڕادەگەیەنێت

دەزگای ئاسایشی هەرێم، دەستگیرکردنی چەند تیرۆریستێک ڕادەگەیەنێت.

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی سلێمانی لە ڕاگەیەندراوەکدا ڕایگەیاند، "بەڕێوەبەرایەتی ئۆپراسیۆنەکانی دەزگای ئاسایشی هەرێم، بە هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕۆژئاوای سلێمانی، 3 تیرۆریستی داعشیان دەستگیرکرد".

هێزەکانی ئاسایش لەدوای بەدەستگەیشتنی زانیاری هەواگری لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی فیدراڵ، لەسەر بونی 3 داواکراو، بە مەبەستی دەستگیرکردنی داواکراوان هێزەکانی ئاسایش بە بەیاری دادوەری لەکۆینەوە، توانیان لە دوو ئۆپراسیۆنی جیادا داواکراوان دەستگیربکەن.